# گۆڤاری (شەفەق) هەوڵێکی تر بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی


**پ.ی.د. محمد فاضل مصطفی**

**زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان-بەشی زمانی کوردی**


## پێشەکی

رۆژنامەنووسیی کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، مەیدانێکی فراوان و بە بەرەکەت بووە بۆ ئەدەبی کوردی بە شیعرو پەخشانەوە، لە هەموو بارودۆخێکی سەخت و ناهەمواردا کە داگیرکەران هەست و بزووتنەوەی سیاسیان خەفەکردوەو شۆرشگێرانیان بەندو کۆت کردووەو یان سزای مەرگ و ئەشکەنجەیان بەسەردا سەپاندوون، بڵێسەی زمان و ئەدەبی کوردی خامۆش نەبووەو راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سۆزی نەتەوەیی هانداوەو خزمەتی بەو لایەنە گرنگە کردووە، هەر لەبەرئەوەیە زمانەکەمان پارێزراوەو وەکماڵی بوون و ناسنامەی جیاوازی کورد و نەتەوەکانی تر سەیر کراوە، رۆژنامەنووسیی کوردی نەک هەر ئەم ناسنامەیەی پاراست ، بەڵکە چەسپاندی  و زمانی کوردی و ئەدەبی کردە راستییەکی بەرچاو و پارێزراو و زیندوو , کە لە ئەمڕۆدا بتوانین هەڵسەنگاندنیان لەبارەوە بکەین و رۆڵی شیاوی خۆیان بۆ قۆناغ و سەردەمەکەیان بەرز رابگرین‌و کاریگەرییان لەسەر رۆژگارو قۆناغەکانی دواتر دیاری بکەین.

گۆڤاری شەفەق وەک یەکەمین گۆڤاری دەوڵەمەندی شاری کەرکووک کە لەدوو قۆناغی سیاسی جیاوازو هەستیاردا دەرچووە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، زۆر توێژینەوەی زانستی هەڵدەگرێ، تا ئێستا وێڕای کۆپی کردنەوەی ژمارەکانی و نووسینی پێشەکی و یادەوەری لەبارەی ئەم گۆڤارەوە، توێژینەوەی زانستی لەبارەوە نەکراوە بەتایبەت بەهەرمە ئەدەبییەکانی.

ئەم توێژینەوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەیە بۆ ژانرە ئەدەبییەکانی ئەو گۆڤارە و شوێنیان لەناو مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی دا.

## تەوەری یەکەم

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

کاریگەریی ڕۆژنامەنووسیی بەسەر مێژوو و بەپێچەوانەوە ڕەنگدانەوەی مێژوو لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامەنووسیدا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ڕۆژنامە مێژووی جیهانە لە ڕۆژێکدا و , گۆڤارەکان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ڕۆژگارەکە و پێشترن، هەروەها نیشاندانی بەرهەمی شاعیر و چیرۆکنووس و وتارنووسن ، لەو سەردەمانەدا کە ئازادی بیروڕا دەستەبەرکراوەو بەنهێنی و لەژێر ناوی نهێنی و هێمادا لەو قۆناغەی سانسۆر چەپۆکی لە دەنگە ئازادەکان گیرکردووە.

بەهەموو بارێکدا ڕۆژنامەنووسی کوردی تۆماری گەلێ ڕووداوی سیاسی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری بۆ کردوین و بۆتە شاهێدحاڵی ئەو ڕووداوانە، گۆڤاری (شەفەق) بەدوو سەردەم (پادشایی و کۆماری) عێراقدا تێپەڕیوە، لە هەردوو قۆناغدا لە ئامانجی خزمەت بەڕووناکبیری کوردی لای نەداوە، هاندەری گەشەو بەرەو پێشچوونی ئەدەبی کوردی بووە، توانویەتی قەڵەمە دیارەکانی ئەو کاتەی کوردستان بەتایبەتی (باشووری کوردستان) لە خۆی کۆبکاتەوەو لە هەموو گرنگتر ئەوەیە چەقی شاری کەرکووک بۆ ئەم پرۆژە ڕووناکبیریە دەست نیشان دەکرێ ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا سەلماندنی ناسنامەی شارەکەیەو هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی لەو شارەدا کە هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، شوێنی کێشە و ململانێی سیاسی و نەتەوەیی بووە، ئەم تایبەتمەندییە (شەفەق) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو کاتە جیا دەکاتەوە کە زیاتر ناوەندەکەیان کورد بوون و کەمتر کێشەو بەر یەککەوتن لەنێوان نەتەوەو کەمینە جیاجیاکاندا ڕوویداوە.

لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیدا، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان زیاتر ڕوویان کردبووە مەیدانە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکە و , بە ئاشکرا خۆیان لە قەرەی سیاسەت نەئەدا ئەوەش بەهۆی ئەو مۆڵەتەی بۆ بڵاوکراوەکەیان وەردەگرت، کە دەسەڵاتی سیاسی زیاتر مۆڵەتی بە بڵاوکراوەی ئەدەب دەدا، بەڵام وەک دەبینین لەو هەلومەرجانەی کە بارودۆخی سیاسی لەبار هاتۆتە ئاراوە،

ئاراستەی بڵاوکراوەکان گۆڕاون و هەڵوێستی سیاسیان وەرگرتووە، نموونەی گۆڤاری (گەلاوێژ) (١٩٣٩ــ١٩٤٩) و (نزار)ی ساڵی ١٩٤٨ , کە بەهارێکی ئازادی تیژڕەو عێراقی گرتەوە.
هەمیشە لایەنە ئەدەبییەکە لە خزمەتی رەوتە سیاسییەکەدا بووە بە هەردوو باڵەکەیەوە (نەتەوەیی و کۆمۆنیست) کە لە هەموو قۆناغە سیاسییەکاندا بۆ کورد قەدەغەکراون و سیاسەتی بەعەرەبکردن و راگواستن هەمووانی گرتۆتەوە.
گۆڤاری شەفەق وەک لە تەرویسەی ژمارە(١)ی دا نووسراوە:
((گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی و عیلمی کۆمەلایەتی یە، بەزمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووک دەردەچێت)) (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٣ ، ل٣) دەرچوونی ئەم گۆڤارە بەدوو زمان هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی ئەدەبی هەردوو نەتەوەکە، هەروەها ئاگادارکردنی نووسەرانی عەرەب لە توانای نووسەری کورد و هەوڵیان بۆ یەک نزیکردنەوە، دیارە نووسەرانی تورکمان , ئەو کاتە لە کەرکووکدا بەزمانی عەرەبی دەیاننووسی و کاریگەری ئەدەبی عەرەبییان بەسەرەوە بوو، لەبەرئەوەی زمانی قوتابخانەکان عەرەبی بوون و زمانی فەرمی عێراق بوو.
هاوشانکردنی ئەم دوو زمانە کوردی و عەرەبی، هەوڵێکە نووسەرانی (شەفەق) هەستیان پێ کردووەو سەرەتای خەباتێکی نوێیان بۆ ئەم هاوسەنگییە دارشتووە.
گەر بەوردی وەک سەرنجێکی زانستی و بێلایەنانە بە لاپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش دەرچوونی(شەفەق) و سەردەمی ئەودا بچینەوە , وەک (ژین و گەلاوێژ و هەتاو و هیوا) , دەبینین شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی لەکۆشش دابوون , بەوشەی رەسەنی کوردی و شیعر و پەخشانی هونەری و چیرۆک و وتاری رەخنەیی، جەماوەریان لە مافەکانیان ئاگادار دەکردەوەو ئامادەیان دەکردن بۆ وەرچەرخانێکی نوێ کە کورد بەمافەکانی شادبێت لەسەروویانەوە مافە سیاسی و رووناکبیرییەکانی.

حوكمی پادشایی عێراق كە لە ساڵی (١٩٢٣ تا ١٩٥٨)ی خایاند , زۆر شكست و خەباتی بێ وچانی تێدا رووی دا لەوانە ئاوا بوونی حكوومەتی باشووری كوردستان بەسەركردایەتی شێخ مەحموودی حەفید ١٩٢٢-١٩٢٤ , كۆماری كوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦ , راپەڕینی وەسبەی ١٩٤٨ی بەغدا و عێراق , كە ئامانجەكانی بەدی نەهات، هەروەها دروستبوونی پارتی سیاسی نەتەوەیی , وەك پارتی دیموكراتی كورد ١٩٤٦ و پارتی بەعس ١٩٤٧ و حیزبی كۆمۆنیستی عێراق ١٩٣٤ و , گەلێ ڕێكخراوی نهێنی و شاراوە , كە هەریەكەیان بڵاوكراوەی نهێنی خۆی هەبوو، كورد پێویستی بە دەنگ و رەنگی خۆی هەبوو بەتایبەت لە پاڵ كارە سیاسی و حیزبییە نهێنییەكەدا , گۆڤاری ئاشكرای ئەدەبێ , كە لە راستیدا زۆربەیان قەڵەمی سیاسییەكان بەڕێوەی دەبردن.

دوای شكستی سیاسی بزووتنەوەكانی كورد، ئاوڕدانەوە بۆ بزووتنەوەی ئەدەبی و رووناكبیری بەهێزتر بوو , ئەوەش لەو باوەڕەی دەستەبژێری ئەو قۆناغە پێویستە پرۆژەی خوێندەواری هۆشیاركردنەوە پێش راپەڕینی چەك و توندوتیژی بێت، هەروەها كورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازەكەی , پێویستی زۆریان بە پاڵپشتی نەتەوەكانی تر هەیە نەك دەسەڵاتە سیاسییەكان، بەو هۆیەوە راكێشانی سۆزی نووسەرە عەرەب و تورك و ئاشوورییەكان بۆ لایەنی مافی رەوای كورد ئەركێكی رۆژگارەكە بوو، بەتایبەت كە ئەو نەتەوانە هەموو چەوساوەی دەستی یەك دەسەڵاتی شۆڤینی بوون كە تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی دەستەو تاقم و بنەماڵەیەك كاریان دەكرد، رژێمی پاشایی رێگای بەحیزب و رێكخراوە دیموكراتی و ئاشتیخوازەكان نەدەدا بە ئاشكرا كاربكەن، گۆڕانكاری سیاسی لە جیهاندا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ١٩٣٩-١٩٤٥ لە عێراق و ناوچەكە ئاراستەیەكی جیاوازی تێكەوت , بەتایبەت كە بەرەی فاشیزمی ئەڵمانیا شكاو دەنگی ئازادی لە جیهاندا بڵاوبۆوە، ئەم گۆڕانكاریە لە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی پارتە سیاسییەكاندا بەتەواوی رەنگی داوەتەوە، تەنانەت بڵاوكراوە ئەدەبییەكانیش لەو سەردەمەی عێراقدا گۆڕانی زۆریان

بەخۆیانەوە بینی , کەرەسەو بڵاوکراوەکانیان شێوەو ناوەرۆکی نوێی گرتە خۆی و رۆڵێکی گەورەیان بینی لە ئاشناکردنی بنەماکانی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی گەلان و مافی ژیانو خوێندن و رووناکبیریدا. (بطی ،١٩٦٨،ص١٣٢)

ئەو دەمەی گۆڤار یان رۆژنامەیەکی ئەدەبی ئیمتیازی وەردەگرت، بەخێرایی قەڵەمی نووسەران مژدە بارانیان دەکرد و هیوای زۆریان لەسەر هەڵدەچنی و بە ئومید بوون ببێتە شەوقێ بۆ رووناککردنەوەی تاریکی نەزانین و یەکرێزی گەل و مژدە بەخشی ئایندە، لەبەرئەوەی گۆڤار و رۆژنامە ئەدەبییەکان لەبەرەی گەل و داخوازییە رەواکانیاندا بوون، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی دەستە بژێری نەتەوەکە بوون، هەر لەگەڵ یەکەم ژمارەدا دەبوونە جێی متمانەو بروای هەمووان، بۆ نموونە ئەو کاتەی شەفەق دەرچوو، (دیلان)ی شاعیر بە چەند بەیتێ کە پڕن لە هەست و سۆزێکی نەتەوەیی، بوێرانە بە (شەفەق) دا هەڵدەدا و ستایشی دەکات و گۆڤارەکەش بەبێ سڵەمینەوە بڵاوی دەکاتەوە:

شەفەق رەنگەکەی سوور و خوێنینە
موژدەی رووناکی رۆژگاری ژینە
شەفەق بۆ دڵی رەشی تاریکی
تیغی دوو دەمی مشت ئاسنینە
دە ئەی شەفەقی شادمانی کورد
هەڵێ، کوردستان چاوەڕێی تینە (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٢ ، ل١٠)

ئەو نموونەیە سەلماندنی ئەو راستیەیە , کە بڵاوکراوە ئەدەبییەکان، رۆڵی بڵاوکراوەی سیاسیان بینیوە و لە هێڵی نەتەوەیی لە پێشەوە بوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە تەنیا شەش ژمارەی گۆڤاری شەفەق لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا دەرچووە، ماوەی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ تا مایس و حوزەیرانی ١٩٥٨ و ژمارەی حەوت دەکەوێتە دوای کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، کە ئیتر ئاراستەی گۆڤارەکە دەگۆڕێ و تەنانەت ژمارە هەشت کە لە ئابی ١٩٥٨ دەرچووە، ناوی (ژمارەی شۆڕش)ی لێنراوە (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ١-٧ و دواتر )

وەک ئەوەی (شەفەق) پێشبینی ڕووداوێکی گەورەی کردبێ و بڕوای بەو پەندە هەبووبێت کە هەموو شتێک لە باریکیدا دەپچڕێ، تەنیا زوڵم ستەم لە ئەستووریدا هەرەس دەهێنێ و دەرووخێ، ئەو شەش ژمارە بەشێوەیەکی نهێنی و هەندێ جار بە ئاشکرا شیعرو وتار لە خزمەتی سیاسەت و دژایەتی زوڵم و ستەمدابووە.

هەر لە ژمارە یەکدا باس و خواستی سەرپەرشتی دەخاتە ناوانەوە، وەک هێمایەک بۆ خەباتی گەلان نموونەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنێتەوەو خەبات و تێکۆشانیان بەرز رادەگرێ , ((لەرێگای سەربەرستیدا گەلی جەزائیر لە پێناو سەربەستی و رزگاربوون لەدیلی و ژێر دەستی هەتا ئێستا هەزاران قوربانی بەخت کردووە، وە هێشتا ئەو شۆڕشەی هەڵیان گیرساندووە نەکوژاوەتەوە...هتد)) (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ١ ، ل١٨)

(کامەران) , کە شاعیر و شۆڕشگێڕی سەردەمەکەی بوو، لە هەموو خۆپیشاندان و راپەڕینێکی جەماوەریدا، پێشەنگ بووە و ساڵانی لاوێتی لە گرتووخانەو ئەشکەنجە و دوورخستنەوەو نان بڕین دا بەسەربردبوو، هەرکە خۆری شەفەق دەردەکەوێ و لەو باوردۆخە هەستیارەی کوردستان و عێراقدا دەنووسێ:

کاروانی ئێمە کەوتۆتە رێگا
بە ئامانجی کورد هەر ئەبێ بگا
ئەگەرچی شەوی خەباتی ژیان
گیانی زۆر لاوی وەک گوڵ هەڵوەران
بەڵام هەر ئەبێ(شەفەق) دەرکەوێ
کورد، لەم هەورازە سەختە سەرکەوێ (کامەران، ١٩٥٨ ، ل٨)

(شەفەق) بۆ ئەوەی هاو خەباتی میللەتان لەو قۆناغەدا بخاتەڕوو، جگە لە زمانی کوردی، بەشێکی زۆری شیعرە سیاسی و بەرگرییەکانی شاعیرانی کوردی کردۆتە عەرەبی، تا ببنە زمانحاڵی میللەتەکەیان و بزانێ کە کورد هەمیشە پشت و پەنای میللەتانە، داکۆکیکاری مافی رەوای خەباتی ئازادیخوازی و سەربەستییە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت، ئەم

هەڵوێســتە لەو رۆژگــارەدا (شــەفەق) دەخــاتە بەرەی میللەتــان و دژایەتــی داگیرکەرانەوە:
یاجمیلة
سلام على النار، على الرماد المحرق
على سلسلة التلول والجبال
في مكان يكون القمر فيه وحيداً.
يحدق في الدماء الذكية
ويحتضن جراح القلب
بالاشعة الحمراء النارية
لنرسم صورة فأس
صورة فأس ويد وفوهة مدفع
صورة وجه جميلة الباسلة..
في (دربند بازيان)
عندما كان اعداء الاكراد يبكون
في ذلك المكان، مكان الثورة (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٣ ، ل٨)

لەو قۆنـاغە کەمەی (شـەفەق) تێدا تێپەڕی و رژێمـی پادشـایی رووخـا، گەلـێ وێنەی بارودۆخی رۆژگارەکە دەخوێنینەوە کە ئاوێنەی خرۆشـانی جەماوەرو چاوەڕوانی رۆژێکی نوێیە , کە ئاواتەکانی کورد بێتە دی.

لەدوای کودەتـای ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ەوە بەتەواوی بـارودۆخەکە گـۆڕدرا رژێمی کۆماری لەسـەرەتاوە گفت و بەڵێنی زۆری بەکورد و میللەتانی تردا، تەنـانەت مـافی کـورد وەک هـاوبەش لە عێراقـدا لە دەسـتووری کاتیـدا نووسرایەوە، حیزب و رێکخراوە سیاسی و جەماوەرییە نهێنییەکان بە ئاشکرا کەوتـنە چـالاکی و بڵاوکراوەکانیـان , کەوتـنە پێداهەڵـدانی رژێمـی نـوێ و پشتگیری کردنی هەنگاوەکانی بەو هیوایەی لەسایەیدا گەلان بگەن بە مراد و رۆژگـاری چەوسـاندنەوە بەرەو کۆتـایی بێـت، دیـارە وەک مێـژوو ئامـاژەی پێدەدات ئەو رۆژگـارە زۆرکـورت خـایەن بـوو نـزیکەی سـێ سـاڵی خایاندو

رژێمی کۆماری زیاتر له پێشوو کەوتە بەربەرەکانی میللەت و لەهەموو بەڵێنەکانی پاشگەزبووەوە.
رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان ئاراستەی خۆیان بەرەو سیاسی گۆڕی و بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، تەنانەت بەرهەمە ئەدەبییەکان لەخانەی ئەدەبی بەرگری و نیشتمانیدا پۆلێن دەکەین، وەک ئاماژەمان پێدا (شەفەق) لەدوای ژمارە شەشەوە بووە زمانحاڵی داخوازییەکانی میللەتەکەی و هەوڵی پتەوکردنی یەکڕیزی و یەک خەباتی میللەتانی ناو عێراق، ناونانی ژمارە ٨ بە ژمارەی (شۆڕش) (ئابی ١٩٥٨) نموونەی ئەو رووکردنە سیاسەتەیە لە گۆڤارێکی ئەدەبی ئەو سەردەمەدا.
(شەفەق) بێ ترس و دوو دڵی ئەو هەڵوێستە ئازادیخوازانەو نەتەوەییەی بەرنەدا تا دوا ژمارەی , کە کودەتای رەشی بەعسییەکان لە هەشتی شوباتی ١٩٦٣ دا سەرکەوت و هەموو دەنگێکی ئازادیان خەفەکرد و جارێکی تر وڵاتیان بەرەو نەهامەتی و رەشەکوژی بردەوە، ئەو کاتەی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ بەرپابوو، دوژمنانی کورد زیاتر دەمارگیربوون و بەهەموو شێوەیەک هەوڵیاندا کوردستان بکەنە سووتماک و بزاڤە رووناکبیرییەکەی لاوازو سست بکەن.

## تەوەری دووەم

## بایەخدان بە ئەدەب لە گۆڤاری(شەفەق)دا:

لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەنووسیی هاندەرو پێشەنگای بڵاوکردنەوەی ژانەرە ئەدەبییەکانەو لە رۆژگاری خۆیدا پردی پەیوەندی نووسەرو جەماوەرە، زۆربەی شاعیر و نووسەرانی کورد بەهۆی بڵاوکراوەکانەوە ناسراون و ناو و ناوبانگیان پەیداکردووە، ئەو دایەلۆگەی رۆژنامەنووسی دروست دەکات و کۆمەڵ لەناو خۆیدا دەدوێنێ و وەک قوتابخانەیەکی گەڕۆک بەرهەمەکان دەخاتە هەموو شوێن و ناوەندێکی خوێندەوارییەوە، ((رۆژنامەنووسیی ئەو رێگایەیە , کە لەوێوە هەموو تەوژمێکی شارستانی دەگاتە خوێنەر و کاردەکاتە سەر چێژ و ئاراستەی، هەر لەو روانگەیەوە جیهان دەبینێ و خۆی

و کۆمەڵگاکەی هەڵدەسەنگێنێ، ئەمە بەو مانایەیەی رەنگدانەوەی راستی ئەو کۆمەڵگایەیە کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێ..هتد)) (خورشید ، ١٩٦١ ، ص١٥)

لە پێناوی ئەوەدا توێژینەوەکە ئاراستەیەکی ورد و دروست بگرێت، پێویستە رەوتی ژیان و بەرهەمی ئەدەبی ناو(شەفەق) بکەین بەدوو قۆناغی جوداوە کە ئەم جیاوازیە بە ئاشکرا بە گۆڤارەکەوە دیارە، گەرچی نووسەرانی وەک یەک راستە رێگا سەرنجی دەدەن و باسی دەکەن:

١- شەش ژمارەی سەردەمی رژێمی پادشایی.

٢- ژمارە حەوت تا دواژمارەی ساڵی چوارەم و داخستنی گۆڤارەکە لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٦١دا.

تەنانەت شوێنی چاپ چەندجار گۆڕاوە (کەرکوک، بەغداد، سلێمانی) (صالح ، ٢٠١١ ، ل٣٠-٣٣)

لەقۆناغی یەکەمدا (شەفەق) گرنگی و بایەخێکی زۆر بەدوو کەرەسەی ئەدەبی سەردەمیانەو هاوچەرخانە دەدات کە رەخنەی ئەدەبی و چیرۆکە.

رەخنە بەشێکی تایبەتە لە ئەدەبیاتناسی، بەپێی تیۆرو بنەمای زانستی بەرهەمی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێ و شی دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە ناساندنی دەق و چێژی ئەدەبی لای خوێنەر، سەرەتاکانی رەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، دواتر لەگۆڤاری گەلاوێژدا (١٩٣٩-١٩٤٩) دەرگای رەخنە و لێکۆڵینەوە والاکراو بانگەوازێ بۆ شاعیر و ئەدەب دۆستان و نووسەران بڵاوکرایەوە کە دەڵێ ((گەلاوێژ لەژێر ئەم ناوەدا (لێکۆڵینەوە) هەر جارە لاپەڕەیەک تەرخان ئەکا، بەڵام بەو شەرتەی ئەوەی ئەیەوێ لە شتێک بکۆڵێتەوە، لانەدا لە رێی راست، کەسێ بیەوێ رەخنە لە نووسینێکی ئەدەبی یا لە برە شیعرێک بگرێ ئەبێ بەبێ ئەوە خۆی لەخاوەن مەقالە بگەیەنێ مەرامەکەی خۆی لەرووی ئەدەبییەوە بنووسێ)) (ئەمین ، ٢٠٠٤ ، ل٩٢)

لێرەوە سەرەتایەکی رەخنەی بێ لایەن و هەوڵێکی زانستی دەرکەوت، بەڵام بەهۆی داخستنی ئەو گۆڤارەوە ئەو هەوڵە رەخنەیانە درێژەیان نەبوو و تاڕادەیەک پاشەکشەیان کرد.

(شـەفەق) هەر لەسـەرەتای لاپەڕەکانی ژمارەیەکدا وتارێک لەبارەی بایەخی رەخنەوە بڵاو دەکاتەوە ((دەمێکە سـەلماوە کە رەخنە هێزی ئەژنۆی ئەدەبە، بەبێ ئەم بەلەڕو لاوازی ئەمێنێتەوەو پێ ناگرێ ، لەبەر ئەو پەیامەی (رسـالە) رەخـنە لەسـەریەتی بەجێـی بهێنـێ تـا بڵێـی پیـرۆز و گـرنگە، ئەبـێ لە شارەزاییەکی پڕ هۆش و هەستێکی پاک و نیازێکی دڵسۆزانەوە دابمەزرێ، چونکە رەخنە ئەگەر ئامانجێکی هەبێت، ئامانجی راستکردنەوەو دامەزراندن و پێش خستنە نەک ستایشێکی بەمەرایی و یا رووخاندن و گێرە شێوێنی)) (ئەمین ، ١٩٥٨ ، ل٤)

ئەم وتارە زەنگێکە بۆ نووسـەران کە یەکەم بایەخ بەرەخنە بدەن و بەرهەمە ئەدەبییەکـان , بەتـایبەت بڵاوکـراوەی ئەو رۆژگـارە بـخەنە بەربـاس و لێکۆڵینەوە، دووەم خەمخۆری گۆڤارەکە دەردەخات بۆ گەشـەی ئەم زانستەو دەیکـاتە یەکەم مەبەسـت لەپێنـاوی بەزینـدوو راگرتنـی ژانەرە ئەدەبییەکـان و بژارکردنیان.

تەنـانەت بەشـێک بەناوی(بەشـی رەخنەگـری) دیـاری دەکرێـت بـۆ وتـارو لێکۆڵینەوەی رەخنەیی، لە دەستپێکی ئەو بەشـەدا(مەعروف بەرزنجی محامی) دیـوانی کـامەران مـوکری شـاعیر (دیـاری) , هەڵدەسـەنگێنێ لە شـێوەو نـاوەڕۆکی ئەو بەرهەمە نـوێیە دەدوێ و بەشـێوەیەکی زانسـتی سـەرنج و تێبینییەکانی دەخاتەروو. (بەرزنجی، ١٩٥٨ ، ل٧)

شـیعر کە تـا ئەو دەمە بەشـی زۆری ئەدەبی کـوردی داگیرکردبـوو و زیـاتر چاپکراوی کوردی دیوانی شاعیران بوو، قەڵەمی رەخنە زۆر لەدواوە بووەو تەنیـا خـۆی لە چەنـد سـەرنج و هەوڵـی سـەرەتاییدا بینیـوەتەوە، نووسەرانی(شـەفەق) بەم لاسـەنگیەی ئەدەبـی کـوردی بێـزار بـوون و نووسـەرانیان هانداوە جگە لە شـیعر لا لە چیـرۆک و وتـار و بـابەتی تـری پەخشـانی هـونەری بکەنەوە، تەنـانەت هێرشـیان کردۆتە سـەر ئەو بەرهەمە شـیعریانەی کە جگە لە هەندێ سـۆزی کـاتی هیچی تـر لە مەیدانەکەدا جێ ناهێڵن، ئەوەتا نووسەرێک بەناوی(هەسان) لە ژێر ناونیشانی (کورد و شیعر) دا هێرشێکی توند دەکاتە سەر ناوەندە ئەدەبییەکەی ئەو رۆژگارە کە خەریکە شیعر بەتەنیا باڵ بەسـەر هەمـوو ژانەرە نوێ و سـەردەمییەکاندا زاڵ دەبێت،

((ئەریَ ئەم پاشا گەردانی شیعر لە چاپکردنە چییە و چیمان تێئەگەیەنیَ، ئەوەمان تێئەگەیەنیَ کە کورد هێشتا دوورە لە خوێندەوارییەوە، وە هەر عاتیفە ئەیبات بەڕێوە؟ لەلایەکی تریشیەوە ئەگەر شیعرە نووسراوەکانیش باش و ڕێک و پێکیش بن، گوایا ئەدەب هەر شیعرە؟ وە کام چەشنەکانی ئەدەب سەری نوکی ڕمی ئەدەبە بۆ ئێستای گەلی کورد؟ بیَ گومان کورد ئێستا ئەبیَ خۆی بە چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەریک بکا، کە خۆشی بەم چەشنە ئەدەبەوە خەریک کرد ئەوا ژیانی خوێندەواریمان بەرەو پێشەوە ئەروا)) (هەسان ، ١٩٥٨، ل٢)

دەستەی نووسەرانی (شەفەق) لەرێگای چەند پرسیارێکەوە، کە هەر جارەو ئاراستەی چەند نووسەرێکی دیار کراوە، هەوڵیانداوە بۆ نووسەرو شاعیر و خوێندەوارانی دەربخەن کە پێویستە زیاتر بایەخ بە لێکۆڵینەوەو پەخشانی هونەری بدرێت، یەکێک لەو پرسیارانەی لە مامۆستا (رەفیق حیلمی) کراوە ئەوەیە کە ((لەلایەن ئەدەبی کوردییەوە کام لا هان بدرێت باشترە، شیعر وە یاخود نووسینەوە)) (حلمی ، ١٩٥٨، ل٩) کە دیارە دروستبوونی ئەم شێوە دایەلۆگە لەو کاتەدا ئاراستەی ئەدەبی کوردی بەلای چیرۆک و وتار و رەخنەی ئەدەبیدا زیاتر بردووە وەک دواتر باسی دەکەین ، خاڵێکی تر کە لە لاپەڕەکانی (شەفەق)دا بەدی دەکەین، ناساندنی بڵاوکراوەکانی ئەو ساڵانە وەک پیشاندان و هاندانی خوێندەواران بۆ گەرمی بازاڕی کتێبی کوردی و دەستگرۆیی نووسەرکانی، دەبینین لە لاپەڕە یەکدا ژمارەی (چاپکراوی کوردی لەساڵی ١٩٥٧دا) ریز بەند دەکات , کە ژمارەیان (٣٢) کتێب و دیوانی شیعر و گۆڤار و رۆژنامەیە(شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ١ ، ل٩)، گۆڤارەکە هەوڵدەدات چالاکی خوێندەوارانی کورد لە ئەوروپادا بەیاد بهێنێتەوە و هانیان بدات و قەڵەمی لاوانی تاراوگە بە خوێندەوارانی کورد بناسێنن.(مالە ، ١٩٥٨ ، ل٩)

ئەو کاتەی (شەفەق) دەکەوێتەوە قۆناغی دوای ١٤ی تەممووزەوە، لایەنە ئەدەبییەکە دەبێتە سیاسی و وەک هەموو گۆڤارە و رۆژنامەکانی باشووری کوردستان و عێراق دەبێتە داواکاری مافە رەواکانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا (شەفەق یەکەمین گۆواری کوردی بوو بایەخی بە لێکۆڵینەوە و رەخنە دەدا،

له داهێنانیشــدا بەلایەوه چیـرۆک و وتـاری ئەدەبـی له شـیعر گرنگتـر بـوو. (خەزنەدار ، ١٩٥٨ ، ل٤٧)

ژانەرێكـی تـری ئەدەب كه (شـەفەق) زۆر بـایەخی پـێ داوەو هەوڵـی داوه جێگای (گەلاوێژ) بگرێتەوه، كورته چیرۆكه بە هەردوو جۆرەكەیەوه (خۆماڵی و بێگـانه) , بـۆ ئەم مەبەسـتە و لە پێنـاوی بەرەو پێشـچوونی ئەم ژانـره هونەرییەدا لە ژمارە دووی دا ئەم بانگەوازە بڵاو دەكاتەوە:

((گـرەوی ژمـاره(١)، چیرۆكـی كـوردی، بڕیـاردرا كه له ئێسـتەوه تـا ١٥ی نیسـانی ١٩٥٨، گرەوێـك رێـك بخـرێ بـۆ چـاكترین چیرۆكـی كـوردی تـازه، چیـرۆكەكه ئەبێ دانراوبێ، بیروبـاوەڕەكەی كـوردەواری خۆمـانەبێ)) (شـەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٢ ، ل٥)

هەروەها خەڵاتی بۆ گرەوەكه داناوه، تا سەركەوتووی سێیەم. (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٢ ، ل٥) ، بیركردنەوه له پێشبڕكێی ئەدەبی بۆ چیرۆک بەمەرجێ وەرگێڕاو نەبێت و دەبێ رووداو و كارەكتەرو چنین و دایەلۆگ و مەنلۆگی لەناوچەی كۆمەڵی كوردەوه وەرگیرابێت تـا وێنەی واقیعی نـاو كۆمەڵ بخـاتەڕوو، ئەم داهێنـانه پێشتر له گۆڤـارو رۆژنـامه كوردییەكاندا نەبـووه، تەنیا رۆژنـامەی پێشـكەوتن ١٩٩٢٠-١٩٢٢ , كه گـرەوەكەی ئەو زیـاتر بـۆ پـاكژی زمـانی كـوردی بـوو لەوشەی بێگانەو هاندانی نووسینی شیعر و پەخشـان بوو بەكوردی پەتی و دوور له كـاریگەری زمـانی فارسـی و عەرەبـی و تـوركی , لەو كـاتەدا واته ١٩٢٠ پاداشـتەكه بەر (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵحی شـاعیر و زەكـی صـائب و جەمیل صـائب)كەوت. (ئەمین، سامی ، ١٩٥٨ ، ژ٢ ، ل٢٧-٣٠)

له ئەنجـامی ئەو داهێنـانەی (شــەفەق)دا و هانـدانی بـۆ نووسـینی چیرۆكـی هـونەری كـوردی، (٣٥) سـی و پێـنج كـورته چیـرۆک لەمـاوەی دیـاریكراودا (ژماره ٢ تا ژماره ٤) دەگـاته لێژنەی هەڵسـەنگاندن و دیـاریكردنی براوەكـان، كه ئەم ژمــارەیه لەو مــاوه كەمەدا زۆره و هەوڵــی نووســەرانه بــۆ خــۆ خەریككردن بەكورته چیرۆكەوه، لەنـاو بەشداربووەكاندا چەند نـاوێكی دیـار هەن كه دواتــر بــوونه چیرۆكنووســی بەتوانــاو بەهەرەمەنــد و رۆڵیــان له گەشەی ئەو ژانەره نوێیەدا بینی لەوانه((جیهان عـومەر، كـاوس قەفتـان، محمد

صدیق عارف، حسین عارف، مستەفا صالح کەریم، محمد مولود مەم، ئەمین میرزا کەریم)) (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٤ ، ل٢١)

لێژنەکە زۆر بە سەلیقەو چێژی ئەدەبییەوە، براوەکانیان دیاریکردووە، ئەوەش بە خوێندنەوەی چیرۆکە براوەکاندا دەردەکەوێ وەک (چای شیرین ، (حسین عارف) کەبەناوی (محمد صدیق عارف) بلاوکراوەتەوە ، چیرۆکی (چەندم لێ ئەسێنی) مستەفا صالح کەریم، چیرۆکی (شەوێکی درێژ)ی محمد صالح دیلان)) (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٥ــ٦ ، ل٢٠) کە دواتر لەگۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، جگە لەو گرەوە دەگمەن و هاندەرە، شەفەق لە زۆربەی ژمارەکاندا وەک پێڕەوکردنی (گۆڤاری گەلاوێژ)چیرۆکێکی وەرگێڕاو یان خۆماڵی لە گۆشەی (چیرۆکی ژمارە)دا بڵاوکردۆتەوە، مەبەست لەم گۆشەیە بایەخدانە بە چیرۆک و ئاشنابوون بە تەکنیک و شێوازی چیرۆکی بێگانە، لەو مەیدانەدا چەند قەڵەمێکی نوێ دەرکەوتن کە هەوڵێکی باش بوو لە بواری چیرۆکدا , بەڵام تەمەن و فیداکاریان بۆ نیشتمان مەودای نەدان ئەو پەیامە تەواو بکەن , لەوانە (مەعروف بەرزنجی) (م.بەرزنجی) نووسەر و پارێزەر و نیشتمان پەروەر کە قەڵەمێکی دیاری لاپەرەکانی (گۆڤاری شەفەق)ە (صالح ، ٢٠١١ ، ل٥٧-٥٨)

گۆڤاری شەفەق لە دیاریکردنی (چیرۆکی بێگانە)دا هەوڵی داوە بەرهەمی نووسەرە ناودارەکانی بکرێتە کوردی و بەرچاوی خوێنەری کورد بکەوێت، بەتایبەت چیرۆک نووسە هاوچەرخەکان وەک (ئیرنست هەمنگوای، مەکسیم گورکی، ئەنتوین چیکۆف) (شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ١-٢-٣-٤ ، ل٢٥ ، ل٢٩ ، ل٣٠)

هەموو ئەو نووسەرانەی باسیان لە گەشە و قۆناغەکانی چیرۆکی هونەری کوردی کردووە، رۆڵی گۆڤاری (شەفەق)یان لە قۆناغی گەشەسەندن و پەلهاویشتنی چیرۆکی کوردی(١٩٥٠-١٩٦١)دا ریزکردووە.

بۆ نموونە: عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت: ((لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە مەبەستی (سەدەی بیستەم)ە، چەند هەنگاوێکی پێشکەوتووانەی نا بەتایبەتی بەدەرکەوتنی هەندێ گۆڤاری خزمەتگوزاری وەک (پێشکەوتن) و (شەفەق) و (هیوا) کە دەرگایەکێکی رۆشنیان خستە سەر پشت بۆ نووسەران و پشتگرتنیان لە رێگای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، خۆ گۆڤاری (شەفەق) بە

بڵاوکردنەوەی چیرۆکی ناو گۆڤارەکە نەوەستا بەڵکو لە ڕێیەکی تریشەوە پەلی نووسەرانی گرت بۆ هاندان و برەو پێدانی بەسازکردنی گرەوێکی دیار بۆ چیرۆکی کوردی)) (بەرزنجی ، ١٩٧٨ ، ل٧٥-٧٦)

لەرووی مێژووییەوە، (شەفەق) بەسەرهاتی میرنشینە کوردەکان و ڕووداوەکانی کۆنی خستووەتە سەر باس و زیندووکردنەوە کەوا کەرستەیەکی باشن بۆ چیرۆکی مێژوویی، گۆڤارەکە و دەستەی نووسەرانی دەیانزانی((باشترین دەرفەت بۆ دركاندنی ڕازی دەروون و هەڵڕشتنی دەردە دڵ و ڕەخنەگرتن لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەل و گەڕان بەدوای چارەسەرێکی بەجێدا)) (بەرزنجی ، ١٩٧٨ ، ل٧٦)

شیعر کە لەسەردەمی بابە تاهیری عوریانەوە(٩٣٥-١٠١٠) پانتاییەکی زۆری لەمێژووی ئەدەبی کورددا داگیرکردووە و , تەنانەت بەشە فۆلکلۆرەکەی زارەکی نەوە بەنەوە گواستراوەتەوە، تا لەسەدەی بیستەمدا پەخشانی هونەری و چیرۆک سەریانهەڵدا، شەفەق، هەرچەندە مەبەستی بایەخدان بوو بەژانری وتار و چیرۆک، بەڵام نەیتوانی شیعر وەلاوە بنێت و بایەخی پێ نەدات، بەتایبەت لەو ڕۆژگارەی کە دەرفەتی ئازادی ڕادەربڕین کرابۆوەو شیعری سیاسی و نیشتمانی لەبرەودابوو، هەر لەبەرئەوە (شەفەق) جگە لە بڵاوکردنەوەی شیعری هاوچەرخ و بەرگری , شیعری شاعیرانی کلاسیکی بڵاودەکردەوە وەک بابە تاهیر، بیسارانی، مەولەوی، بێکەس، شوکری فەزڵی، دوای چیرۆک، (شەفەق) بایەخی بەشیعردا , بۆ ئەم مەبەستە گرەوی ژمارە(٢)ی بۆ پێشبڕکێی شیعر تەرخان کرد((بڕیار درا کە لە ئێستەوە تا دەرچوونی ژمارە(٩)ی شەفەق گرەوێک ڕێک بخرێ بۆ چاکترین شیعری کوردی لە ژێر ناوی (کوردستانی من)) (شەفەق، ١٩٥٨ ، ژ٥-٦ ، ل٢٧)

مەبەستی ئەم گرەوە زیاتر پێشخستنی شیعری نیشتمانی  و سیاسییە , هەر لەبەرئەوە ئەو ناو و دروشمەی بۆ داناوە و شاعیران لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە لەو مەبەستە شیعرییەدا قەڵەمیان بەکاربن، دیارە هەوڵێکی دانسقە و ژیرانەیە کە ناسنامەی کوردستان بەرز ڕابگرێت و ئامانجی ئایندەی میللەت بخاتە بەرچاو.

ئەرکی گۆڤارەکە تەنیا لەوەدا نەوەستایەوە کە شیعری (گۆران و کامەران و هەردی و سەلام و عوسمان عوزەیری و مەدحەت بێخەو شاعیرانی تر) بڵاو بکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگای وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرانی کوردەوە بۆ زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەی لە بەشە عەرەبییەکەیدا، هەوڵێکی ترە بۆ ناساندنی خەباتی کورد و قەڵەمی بەرگری شاعیرانی. (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٣ ، ل٨ بەشی عەرەبی)

بە هەژمارکردن و بەسەرکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی ناو گۆڤاری(شەفەق) بە هەردوو بەشەکەیەوە (کوردی و عەرەبی) دەبینین زیاتر لە سێ لەسەرچواری مەبەستە شیعرییەکان نیشتمانی و بەرگری و سیاسیین و پەیامداریان تێدایە بۆ دۆزی رەوای میللەت لە هەردوو سەردەمی پادشایی و کۆماریدا :

دڵزار بەستە بۆ ئازادی دەڵێت:

دەنگی کەمانی دووری
رەنگی شەفەقی سوری
بەراستی ئەی ئازادی
چرای شەقامی شادی
بێ تۆ بێ سودە جوانی
بێ نەشەیە گۆرانی (شەفەق ، ١٩٦٠ ، ژ٢ ، ل١٣)

کامەران موکری لەو ساڵانەدا دەنگی نوێی شیعری بەرگری و میللەت بوو، چوارینەکانی لەگۆڤاری(هیواو شەفەق) دا ورەو تینیان دەدا بە لاوان و خەباتیانی جۆش دەدا، بەشێکی زۆر لەو چوارینەو شیعرە شۆڕشگێڕیانە بەسەر زاری جەماوەرەوە بوون و سۆزو هەستی نیشتمانیان بەرز دەکردەوە:

ئەو گوڵەی خەزان وەرانی و نەمرد
ئەو دڵەی ناسۆر لە هیوای نەکرد
ئەو پریشکانەی دامردنەوە
بەڵام هەمدیسان گریان گرتەوە
ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناوچەم

لەسەرە مەرگا خەندەی لەسەردەم
ئەو مەلەی بای وەشت باڵی هەڵوەران
لە بەستە وتن نەکەوت لە ئاسمان
وان لەناو دڵی منا میوانن.
چونکە نموونەی (قەت) کۆڵا نەدانن (شەفەق ، ١٩٦٠ ، ژ٢ ، ل١٣)

(شـەفەق) لە قۆنـاغ و سـەردەمێکدا دەرچـوو کە پەیـامە ئەدەبـیەکە دەبـوایە لەخـزمەت داوای رەوای میللەتـدابێت، هەر لەبەرئەوە لەچەنـدین وتـاری رەخنەی و هەڵسـەنگاندنی ئەدەبیدا، داوای پەیامداری (التـزام) لە نووسـەرو شاعیران دەکات، ئامانجیان بۆ دیاری دەکات و بابەتی هەنووکەییان بۆ شـی دەکـاتەوە، بەتـایبەت دوای ئەوەی رژێمـی کۆمـاری لە گفـت و پەیمانەکـانی پاشـگەزبووەوە و شۆڕشـی چەکـداری لە ئەیلـولی ١٩٦١ لە کوردسـتانا هەڵگیرسـا، لەسـەر وتـاری ئەیلـولی ١٩٦١ دا شـەفەق دەنووسـێ (( ئێسـتا نەتەوەکەیـان پێویسـتی بە ئەدەبێـک هەیە کە هانـدەربێ بـۆ تێکۆشـان و کـاریگەربێ، بـۆ سـەر بزووتنەوەی نیشـتمانیمان و دەسـتبخاتە سـەر زامـی نەتەوەکەمـان و دەرمـانی بـۆ بـدۆزێتەوە، ئێسـتا لە هەمـوو کاتێـک زیـاتر پێویستیمان بە ئەدەبی شۆڕش هەیە، چونکە نەتەوەکەمان خەریکە بەدەستی پۆلاینی لە دەرگـای گـۆڕینێکی مەزن ئەداو چاوەڕوانی ئەدیب و نووسـەر و رۆشنبیرەکانیتی بەتیشکی تیژی بیریان ئەڵقە رێزی دەرگاکەی بۆ بدۆزنەوە))
(شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ٤ ، ل٢)

ئەم داواکـارییە شـاعیر و نووسـەران دەخـاتە بەردەم بەرپرسـیاریەتییەکی گەورەو مێژوویـی و بـانگەوازە بـۆ ریـالیزمی شۆڕشـگێڕانە , کە بەکـاریگەری یەکێتی سۆڤیەتی لە ئەدەبی میللەتانی رۆژهەڵاتدا رەچاو دەکراو , لەلایەکی ترەوە بـاوردۆخەکە ئەو پەیامدارییەی ئەسـەپاند و دەبـوایە رووناکبیران کە لەو قۆنـاغەدا شـاعیر و نووسـەران بـوون ببـنە پێشـەنگ بـۆ بەدەسـتهێنانی ئازادی و سەرفرازی.

ئەوە دوا پەیام و دوا بانگەواز بوو لە (شەفەق)ەوە بڵاوکرایەوە، لەبەرئەوەی گۆڤارەکە داخراو و ئەو دوا ژمارەیە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگ کە سەلماندنی پەیوەندی ئەدیب و میللەت و شۆڕش دەردەخا، تۆمارکرا.

## تەوەری سێیەم

(شەفەق) مەبەستی بوو قەڵەمی ئافرەتان، هان بدات بۆ نووسین لەبارەی کێشەی نیوەکەی کۆمەڵەوە، هەر لەبەرئەوە (بەشی ئافرەت)ی لەگۆڤارەکەدا دیاری کرد و لەرێگای وتاری کۆمەلایەتی و شیعرەوە، ئافرەتان بەشداریان لەو گۆشەیەدا کرد، ئەگەرچی چەند لاپەڕەیەک بوو، بەلام رەچەشکێن و هاندەر بوو(٣٢)، چەند قەڵەمێ توانیان لەو لاپەڕانەوە خواست و مەرامی کۆمەلایەتی و نیشتمانیان دەربخەن، دەتوانین چەند نموونە لە وتارو شیعری ئەو ئافرەتە بە ئاگاو خوێندەوارانە لەگۆڤارەکەدا بخوێنینەوە لەوانە (بێگەرد، پارچە شیعرێکی بلاوکردۆتەوە بەناوی، نووسەرانی سۆزی کوردم) دەڵێ:

پەتم بۆ هەڵخەن بمکەن بەدارا<br>
دەربەدەرم کەن لەکوچەی شارا<br>
ژاراوی تاڵم بکەن بە زارا<br>
خەنجەر بکوتنە جەرگی زامارا<br>
هەر ئەڵێم کوردم، بژی ولاتم<br>
هیواو ئامانجی بەرزی خەباتم

----- ----- ---- ---- ---- ----

سنگم بەگولە بکەن لە توپار<br>
گیانیشم دەرچێ بەدەستی زۆردار<br>
هەر ئەڵێم کوردم، بژی کوردستان<br>
جێگای نەتەوەی خەبات بەدەستان (شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ٥ـ٦ ، ل٣٨)

دیارە وەک ئاستی هونەری و وێنەی شیعری سەردەم، ئەم بەرهەمانە لەو ئاستە هونەرەیەدا نین، بەلام گۆڤارەکە بۆ پشتیگری کردنی ئەو قەڵەمانە و

بەشداریان لە دەربڕینی هەست و سۆزی نەتەوایەتیاندا بڵاوكردوونەتەوەو پشتگیری كردوون.

داهێنانێكی تر لەبواری ئەدەبدا، ئەوەیە (شەفەق) گرنگی بە باس و ناساندنی ریبازە ئەدەبییە نویێ و مۆدێرنەكانی رۆژئاوا داوە و وتاری لەسەر نووسیوون، كە رەنگە پێشتر لەم ناساندنە لە رۆژنامەنووسی كوردیدا نەكرابێت بەتایبەت رێبازەكانی وەك(سمبولیزم، دادایزم، پووچگەرایی..هتد).

ئەوەتا لەژمارە(١)، ساڵی ١٩٦١ دا، شیكاریەك و ناساندنێك بۆ (دادا، سیریالی، تجریدی) دەكات و دەنووسێ:

((لەراستیدا (سریالی) سەری هەڵدا لەسەر بناغە رووخانەكەی مبادئی (دادا)وە، بناغەی فەلسەفەی (سریال) دامەزراوە، لەسەر بیروباوەڕی (برغسون)ی میسالی پێچەوانەی(سەلبی)، كە ئەو عالەم لەرێگەی عاتفەوە ئەبینێ، وە لە لایەكی تریشەوە رەوشتی (فرۆید) ئەگرێت كە هۆی هەموو رووداوێك ئەگەڕێنێتەوە سەر (غەریزەی جنسی) و لێكۆڵینەوەی دەروون.سوریالییەكان عالەمی واقیع ئەگۆڕنەوە بە عالەمی خۆیان كە دیار نییە و پڕە لە بێ هەستی (لا شعور) وە یا هەستێكی نیوە مردووی (سەلبی) و خەیاڵی تەنهایی دوور لە واقیع)) (شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ١ ، ل٢٢)

هەر لەو وتارەدا، رێبازی فەلسەفەی (دادا) و (تەجریدی) شیكراوەتەوە، پێویستە ئەو وتارە وەك سەرەتایەك بۆ بایەخدان بە رێبازە ئەدەبییە نوێییەكان ئەژماربكرێت و هەرچەندە ناوی نووسەر یان وەرگێڕی لەسەر نییە، بەڵام شارەزایی و گرنگی گۆڤارەكە و نووسەرانی دەردەخات بەو رێبازانە.

لەكۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین كە لاپەڕەی ژمارەكانی دوای ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ كەمترن و بەشی عەرەبی لابراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی لەلایەك و تەنگەشەی دارایی لەلایەكی ترەوە، لەبەرئەوەی (شەفەق) بەگیرفان و ئەركی فیكری و ماندووبوونی بێ بەرامبەری نووسەرانی دەرچووە، ئەمەش شانازیەكی ترە بۆ هەڵوێستی ئەو رۆژگارەی رۆژنامەنووسی كوردی.

## ئەنجامەکان

گۆڤاری شەفەق ١٩٥٨-١٩٦١ وەک یەکەمین گۆڤاری شاری کەرکوک لەگەڵ ئەرکە سیاسیو هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد، لەمەیدانی ئەدەب و زمانی کوردیدا، رۆڵی گەورەی بینیوە، دەتوانین ئەو هەوڵانە لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە.

١- یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بایەخی زۆری بە لێکۆڵینەوەو رەخنەی ئەدەبی داوەو هەر لەیەکەم ژمارەوە ئەو ئەرکەی خستۆتە بەرچاو و هانی نووسەرانی داوە کە لا لە رەخنەی ئەدەبی بکەنەوەو بەشێوەیەکی زانستی و بێ لایەن بەرهەمی شاعیران و نووسەران هەڵبسەنگێنن و ئاگەداریان بکەنەوە لەکەم وکورتی و ناتەواوی بەرهەمەکانیان.

٢-لەبەرئەوەی سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی کەسانی نیشتمان پەروەورو خاوەن خەبات بوون، روویان لە نووسەران ناوە پەیامداری(التزام) لە ئەدەبدا رەچاو بکەن و لە ململانێی سیاسی ئەو رۆژگارەدا بەرهەمەکانیان ببێتە پێشڕەو بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو داکۆکی لە مافی رەوای میللەتەکەیان.

٣-چیرۆکی هونەری وەک ژانرێکی ئەدەبی نوێ و رۆژئاوایی بۆتە جێگای بایەخدان و پشتگیری لەلایەن (شەفەق)ەوە بۆ ئەو مەبەستە بۆ یەکەم جار گرەو و پێشبڕکێ بۆ چیرۆکنووسان جارداوەو توانوویەتی ژمارەیەک چیرۆکی دانسقە و هوونەری بڵاو بکاتەوە.

٤-هەوڵی زۆری داوە بۆ نووسینی کوردی پاکژ و پاراستنی زمانی کوردی و خوێندنەوەو گرنگی دان بەزمانی دایک، بەتایبەت لە ناوەندێکی گرنگی وەک (شاری کەرکووک)دا کە جگە لە کورد، کەمە نەتەوایەتی تری تێدایە و تا ئەمڕۆ ئەو ململانێیە بەردەوامە.

٥-بەشێکی بۆ زمانی عەرەبی داناوە کە لەو لاپەڕانەدا، بەرهەمی شاعیرانی کورد و نووسەرانی کراون بە عەرەبی، پەیامی کوردستانی بەزمانی عەرەبی پەخش کردووە، بەمەش خزمەتی بە بزووتنەوەی وەرگێڕان کردووەو ئەدەبی کوردی بەنووسەرانی عەرەب ناساندووە.

٦-لەدوای بایەخدان بە ژانرە ئەدەبییە نوێیەکان، شیعری کوردی سەردەم بۆتە بەشێک لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر شیعری نیشتمانی و بەرگری رۆژگارەکە، قەڵەمی نوێ بەجیاوازی بیرو باوەڕو ئاراستەی سیاسییانەوە، کە ئەو هاوسەنگییە لەو رۆژگارەدا کە کارێکی زەحمەت و بوێرانە بووە.

٧- ناساندنی ڕێبازه ئەدەبییەکان، بەتایبەتی ئەو ڕێبازانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژئاوادا سەریان هەڵدا و بوونە واقیعی سەردەمەکەیان، بەم کارەش گۆڤارەکە ڕەچەشکێن بووە و ئەو وتارانە سەرەتایەک بوون بۆ بەکوردی کردن و ناساندنی ئەو ڕێبازانە لای خوێندەواری کورد.
٨- ئەم گۆڤارە گەلێ توێژینەوە و هەڵسەنگاندن هەڵدەگرێ، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەرزنرخاندنی هەوڵی (شەفەق) لە بواری گەشەو پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


١- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(١) ، سالی (١) ، ل٣
٢- بطی ، فائق ، ١٩٦٨ ، صحافه العراق - تأريخها و كفاح أجيالها ، مطبعة الاديب البغدادية ، بغداد ، ل١٣٢
٣- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٢) ، ساڵی (١) ، ل١٠
٤- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ( ١ تا ٧ و دواتر )
٥- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(١) ، ساڵی (١) ، ل١٨
٦- کامەران ، محمد ئەحمد طه ، ١٩٥٨ ، کاروان و شەفەق ، گ ، شەفەق ، ژ(١) ، سالی (١) ، ل٩
٧- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٣) ، ساڵی (١) ، ل٨
٨- خورشيد ، فاروق ،١٩٦١ ، بين الادب والصحافه ، ط ، منشورات اقرأ ، بيروت ، ص١٥
٩- صالح ، صديق ، ٢٠١١ ، شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی کەرکووک ، ب١ ، سلێمانی ، ل٣٠-٣٣
١٠- ئەمین ، محمد دلیر ، ٢٠٠٤ ، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، سلێمانی ، ل٩٢
١١- ئەمین ، موحەرەم محمد ، ١٩٥٨ ، ڕەخنە ، گ شەفەق ، ژ(١) ، ل٤
١٢- بەرزنجی ، مەعروف ، ١٩٥٨ ، بەشی ڕەنخنەگری ، گ شەفەق ، ژ(١) ل٧
١٣- هەسان ، عومەر عارف ، کورد و شیعر ، گ شەفەق ، ژ(٢) ، ل٢
١٤- حلمی ، ڕەفیق ، ١٩٥٨ ، شیعر و نووسینی کوردی ، گ شەفەق ، ژ(٤) ، ماڵی (١) ل١
١٥- گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(١) ساڵی (١) ، ل٩

١٦ـ ماله ، ١٩٥٨ ، کۆمەڵەی زانستی خوێندەوارانی کورد لە ئەوروپا ، گ شـەفەق ، ژ(٤) ،ساڵی (١) ، ل٩
١٧ــ خەزنەدار ، مـارف ، ٢٠١١ ، شــەفەق یەکەمــین گۆڤـاری کەرکـووک ، ب١ ، سلێمانی ، ل٤٧
١٨ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٢) ، ساڵی (١) ، ل٥
١٩ـ سەرچاوە پێشوو : ل٥
٢٠ـ ئەمین،عەلی ناجی کاکە حەمە ، وە سامی ، سیروان بکر ، ١٩٩٨، رۆژنـامەی پێشکەوتن ، وەزارەتی رۆشنبیری،ل٢٧ـ٣٠
٢١ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٤) ساڵی (١) ، ل٢١
٢٢ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ (٥ـ٦) ، ساڵی (١) ، ل٢٠ ، هەروەها ژ(٧) ساڵی (١) ، ل٩
٢٣ـ صالح ، صدیق ، ٢٠١١ ، شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی کەرکووک ، ب١ ، سلێمانی ، ل٥٧ـ٥٨
٢٤ـ گ شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ(١ـ٢ـ٣ـ٤) ، ل٢٥،ل٢٩،ل٣٠
٢٥ــ بەرزنجـی ، عـومەر مەعـروف ، ١٩٧٨ ، لێکـۆڵینەوە و بیبلوگرافیـای چیرۆکـی کوردی ١٩٢٥ـ١٩٦٩ ، چاپخانەی کۆری
زانیاری کورد ، بەغدا ، ل٧٥ـ٧٦
٢٦ـ سەرچاوەی پێشوو : ل٧٦
٢٧ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٥ـ٦) ساڵی (١) ، ل٢٧
٢٨ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٣) ساڵی (١) ، ل٨ (بەشی عەرەبی )
٢٩ـ گ شەفەق ، ١٩٦٠ ، ژ(٢) ساڵی (٣) ، ل١٣
٣٠ـ سەرچاوەی پێشوو : ل١٣
٣١ـ گ شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ(٤) ساڵی (٤) ، ل٢
٣٢ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٢) ساڵی (١) ، ل١٥
٣٣ـ گ شەفەق ، ١٩٥٨ ، ژ(٥ـ٦) ساڵی (١) ، ل٣٨
٣٤ـ گ شەفەق ، ١٩٦١ ، ژ(١) ساڵی (٤) ، ل٢٢

# (مجلة شفق) .. محاولة أخرى لتجديد الأدب الكوردي

لقد أولت الصحافة الكوردية منذ بداية تأسيسها في ١٨٩٨/٤/٢٢ وإلى يومنا هذا اهتمامًا بالأدب الكوردي بأنواعه الأدبية في (شعر وقصة ومقالة ومسرحية..إلخ)، ولعل الاهتمام باللغة الكوردية دليل حي وملموس لأهمية الصحافة..

أن مجلة شفق التي تُعد أول مجلة كوردية علنية صدرت في مدينة كركوك في ١٩٥٨/١/١٥ ولغاية ١٩٦١/٩/١٥، كانت لها أبعاد سياسية وثقافية تراثية وأدبية، جسدت صوت التآخي والسلام في هذه المدينة، إذ استطاعت أن تجمع عددًا كبيرًا من المثقفين والكتاب باللغتين الكوردية والعربية خارج صفحاتها..

هذه المجلة طبعت بإمكانات محدودة وفي زمن صعب وأيامٍ عسيرة بيد أنها على الرغم في ذلك حاوت السلطات في مرحلتي الحكم الملكي والجمهوري إسكات صوتها.

فضلاً عن أن مجلة شفق تظل شاهدًا حيًا لأيامٍ كانت فيها النخبة من أبناء الكورد من ذوي الرؤية الثاقبة وبعد النظر للمستقبل يعلمون أن الثقافة وسيلة وجسر لتقارب الشعوب وتفاهمها، لذلك جاء هذا البحث محاولة لتثمين دور تلك الأقلام الجريئة التي ناضلت بالكلمة في تلكم الأيام علاوةً على إبراز دور هذه المجلة في مجال تطوير الأدب وازدهاره إذ أخذت على عاتقها تجديد الأهداف الأدبية والعلمية باستمرار.

## Shafaq magazine, another attempt to renew Kurdish literature

The Kurdish journalism from the beginning of it's establishment in 22-4-1898 till today paid a special attention to all the kurdis literature geners – poetry, short, story, essoy, and though..etc. Concentration on Kurdish language, and transfering it into the written language, and seience is on evidence for Journalism significance.

Shafaq Magazine is the first official Magazine that published in kerkuk, from 15/1/1958 till 15/9/1961 this Magazine has several political, cultural, and literay dimension, especially it was the Voice Of peace and vnity. The Magazine was able to gather several writes and intellectuals in both Kurdish and Arabic language.

This Magazine published at a veg critical moment, and with a limited budget. Also the authorities, both driving monarchy and Repoblic mode attempts to suppress the voice.

Shafaq magazine witnessed days that Kurdish elite figures were very accurate for sighted. They knew that education is The bridge where nations meet. There fore this research is on attempt to appreciate these intellectual figures who strived also to show the role of shafaq magazine that played for literature improvement, and to renew the goal of literature and science